# دەستی بەتاڵ و دڵی پڕ!

ڕێباز مەحمود - هۆڵەندا
rebazmahmud@hotmail.com

ڕامان ، لە بزۆزی ئەو مانا بەخەبەرانەی
لە دەم کردنەوەی خونچەیەک و
گاکۆڵکێی گزنگ بەسەر
بێدەنگی ،
شل و مل ڕاکشاوی مێرگێکەوەیە..
دەشێ بەس بێت بۆ خەو بردنەوەی
ئەهریمەن و
تف کردن لەو شکۆ خوێناویەی
خۆرنشینی بەو هەموو نازداریەی خۆیەوە
کرد بە برینێک بەجەستەی ئێمارەتە
یەک بە دوای یەکەکانی
جوانییەوە!
خۆزگە قاچمان دەگەیشتە ناخی خۆمان و

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بۆ یەکجاری شەقێکی توندمان هەڵئەدا
لەو چاوچنۆکیەی
هەندێک جار سوار کەلەپوتیمان دەکات و
پۆل پۆل دەمانتێرێتە ،
بەرەکانی جەنگەوە!
زۆرجاریش بە فێڵەوە
ڕووخۆشیمان پێ دەپۆشێت و
لە ناو پەرژینەکانی زمان لوسیدا ،
تەڵمان بۆ ڕەت بوونی
کەرویشکی دڵپاکی یەکتری پێ دەنێتەوە!
سوور لێمانەوە دیارە
دڵمان پیس و
دیوێکی سەرزەمینی نیەتمان هەمیشە تاریک
وەلێ دەستەکانمان
لە ناو گیرفانی چاوقایمی خۆماندا
گرمۆڵە کردوون و
بە ناو بیابانی بێباکیدا مل دەنێین!
بە بێ کانی و ئاوی ئێستای ڕۆحمان

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ڕاهاتووین و

خوومان بە چڵكنی و ڕووگرژی سۆزەوە گرتووە..

بۆیە نایەین

تەیەموم بە مشتێك تیرۆژ بكەین

بۆ دواین تۆبە و

دابەستنی یەكەمین نوێژی ئەڤین و پاك بوونەوە!

ئافات

شەلم ، كوێرم ... ناپارێزم

تێمان كەوتووە و

مردن بێ وادە

لە ژێرڕاوە ،

قافڵەمان بۆ خۆی لێ دەگوێزێتەوە ..

كەچی سەر خۆمانی ناهێنین و

سەرەخۆشی خۆمان بەوە دەدەینەوە

دەڵێین ڕەنگە

مەرگی دەوەنەكان ، ♂مانای جێهێشتنی عومری درێژیان

بێت

بۆ نزاری چڕ و پڕی مانەوە و

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

چڵە بەرزەکانمان خۆش !

قەزاو بەڵای چارەکانی خۆشبەختیان بردبێت و

خوا بکەین ،

پایز زوو دەست لە ئەوانیش نەوەشێنێ..

حەوزێک ،

لە ئەوجی ڕوونی و خەیاڵ ڕۆیشتویی خۆیدا

دەنوکی مەلێکی تیژباڵ کە هەر بەڕێوە و

لە پڕدا ،

چەند دڵۆپە ئاوێکی لێ دەڕفێنێ

بەسیەتی .. بۆ ئەوەی

لە خۆشیدا هەموو گیانی

پڕ بێت لە وردە شەپۆل و سەما..

وەلێ ئێمە توند دەستمان بە دڵمانەوە گرتووە

نەبا غەوارەیەک بێت و

بەشی ساتێکی تینووی ،

مشتێک شەونمی سۆز ببات!..

ئێمە ئەشێ

هەر لەحزەیەک و

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بازگەیەک بین بەچەند ئاسایشێکی دڵڕەقەوە..

بۆیە هیچ دەم و لێوێکی شەقار بوو

ناوێرێت پڕکێشی بکات

تیلماسکێک بە ناسکی لێ بکاتەوە

لەو هەموو هێشووە ماچەی دواجار ڕەنگە

بە لێوەکانەوە

بۆڵ بۆڵ وشک بین و

بە سەر کەڵێژی تەنهاییەوە جێ بمێنن!

ئێمە هێندە بودەڵەین

گەرچی بە ئاگاشین لەوەی ،

لە جوانترین یاقووتی درەوشانەوەمان

گەردانەی مردن دەهۆنینەوە ..

کەچی بەخۆڕایی

قەت دڵێکی تۆراو ئاشت ناکەینەوە ،

دوای ئەوەی ملوانکەیەک یادەوەری ناسکمان

لە ملی ڕۆژەکانیا پچڕاندبێت! ..

پێمان خۆشە گێلاسە پێگەیووەکانمان

ببەخشین بە کەوتنە خوارەوە بۆ ناو فەنا بوون..

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

کەچی ، هەرچی

تەیر و تەواڵی نیازی یەکتریشە

هەر بە ئاسمانەوە

بەرد باران و

بوغز باران و

سەرگەردان دەکەین......

هەرچەند هەموو جارێکیش ♂بە گشت تەلان و هەورازێکی

نیازەوە

بۆنی جاترەی کێوی مەحەبەت

هەڵدێرانی دوندە سەختەکانی یەکتریمان

هێندە لە بیر دەباتەوە!

کە هەمیشە بە یەقینەوە دەڕۆین

بۆ گەیشتنە فیردەوسی هاودڵی و

وەلێ زۆرجار ،

بەدەستی بەتاڵ و دڵی پڕ و

بە هاڕەی تێک شکانەوە

دەگەڕێینەوە

ناو زەمهەریری تەنهایی !

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image